# بگرەوبەردەی یەک لیستی و
# ساردوسڕی خەڵک بۆ دەنگدان و
# هەڕەشەکانی دەسەڵاتداران

**مەجید دڵنیا**

هەڵبژاردن پرۆسەیەکی شارستانییەو یەکێکە لە سیماکانی دیموکراتییەت.دیارە ناکرێ دیموکراتییەت تەنیا لە هاندانی خەڵک بۆ چوونە سەر سندووقەکانی دەنگداندا،چڕبکرێتەوە.بۆیە کاتێک قسە لە دیموکراتییەت دەکەین،دەبێ دیموکراتییەت لە ناوەڕۆکدا،چۆنە وا جێبەجێ بکرێ،نەک وەک ئەوەی چۆنمان دەوێ وای پێناسەی بکەین و لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانمانەوە تێیبڕوانین.

بەداخەوە لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا، کە سیستەمی پەرلەمانی پەیڕەودەکەن،هەڵبژاردن وەک دیاردەیەکی سەردەمانە تەنیا لە سنورێکی دیاریکراودا،چڕکراوەتەوە.بۆ ئەم مەبەستە گەر خوێنەر سەرنجێک لە هەڵبژاردن بدات، لە ڕژێمەکانی ئێران وتورکیادا،لەو ڕاستیە دەگات.

لەئێستادا،وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمێرکا ،لەهەوڵی بەپراکتیک کردنی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدایە.سەرەتای ئەو هەنگاوەش ،وەک ئاشکرایە لە عێراق و ئەفغانستانەوە دەستی پێکردووە.تاچەند ئەم پرۆژەیە سەرکەوتوو دەبێت، ئەوە بۆ حەتمیەتی ڕۆژگار جێدەهێڵین!

ئەوەی لێرەدا،جێی مەبەستی منە،هەڵبژاردنەکانی عێراق ولە وێشدا،هەڵوێستەکردنە لەسەر ئەم پرۆسەیە، لە باشووری کوردستاندا.

دوای ئاشکراکردنی لیستەکانی پارتە کوردییەکان،پێکهێنانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان وچوونەدەرەوی یەکگرتوو لەو لیستە،بگرەو بەردەیەکی زۆر کەوتۆتەوە لەسەر ئەوەی کە، ڕەوتێکی سیاسی وەکو یەکگرتووی ئیسلامی ،لە لیستی کوردستانی چۆتە دەرەوەو بەتەنیا دابەزیووە.ئەم هەڵوێستەی یەکگرتوو، حیزبە دەسەڵاتدارەکان وجەماوەرەکەیانی تووشی شۆک کردووە!

دیارە لە پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی عێراقدا،تەوافوق بۆتە سیمای زۆربەی کارەکان.تەوافوق خۆی لەخۆیدا،بریتییە لە کوشتنی دیموکراسییەت.بەبڕوای من گەر تەوافوق لەسەر ئاستی عێراقدا،بۆ ڕاگیرکردنی تای تەرازووی دەسەڵات و هێز ،بۆ ئەوەی زۆرینەی نەتەوەیەک دەسەڵات کۆنترۆڵ نەکات،بەکارێکی گونجاو چاولێبکرێ،ئەوە هەرگیز سیستەمی تەوافوق لە کوردستاندا،شتێکی گونجاو نییە وبگرە بەمانای وشە کوشتنی دیموکراسییەتەو خنکاندنی دەنگە جیاوازەکانە.

تەوافوق بۆچی?خەڵک هەقییەتی ئەم پرسیارەبکات.ئایا تەوافوق بەرەنجامی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی باڵای خەڵکی کوردستانە?وەک حیزبە دەسەڵاتدارەکان ئیدعای بۆ دەکەن.

هەڵبەت گەر لە کردەوەو هەڵوێستەکانی ئەم حیزبانە سەرنج بدەین،هەر لەهەڵبژاردنەکانی 1992ەوە کە سەرنجام، بە دابەشکردنی 50 بە50ی کورسییەکانی پەرلەمان کۆتایی هات ولە

هەڵبژاردنەکانی 31ی مانگی یەکی ئەمساڵدا، بۆ پەرلەمانی کوردستان بەکەمێک گۆڕانکارییەوە سەرو 40کورسیان بۆ خۆیان تەرخانکرد.بۆ ئەم هەڵبژارنەی 15ی12ی2005یش، بەهەمان شێوە ڕێککەوتوون.بەدەر لەو ئەشکالیاتە سیاسییەی لە عێراقدا دەگوزەرێ، هاوپەیمانی ئەم دوو حیزبە لەسەر بنەمای تەوافوق ،جگەلەوەی لەسێدارەدانی ئاشکرای دیموکراسییەتەولە گۆڕنانی دەنگە جیاوازەکانە، بەڵام لە ڕاستیدا، نەبوونی متمانەیەکی قوڵ وریشە ئامێزی ئەم دوو هێزەیە بەرامبەر یەکتر.ئەم دوو هێزە هەرچەند دەکەن ،زاتی ئەوە ناکەن ،هەر یەک بە لیستێکی سەربەخۆ دابەزن، تا حەجمی ڕاستەقینەی هەریەکەیان هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەدەربکەوێت.هەموومان ئەنجامەکانی ساڵی1992مان بینی چۆن دیزەبەدەرخۆنەیان کرد.ئێستاش بەتەواوی ڕوون نییە کامیان زۆرتریان هێنا!

ئەمانە گەر بە لیستی سەربەخۆش دابەزن ،ئەوە بە قودرەتی قادر و بەهەر تەزویرو فرۆفێڵێک بێت، هەریەکەیان لەهەرێمەکەی خۆیاندا ،هەمیشە بەپارتی پێشڕەو دەردەچن!بۆیە سەیر نییە لەم دوو هەڵبژاردنەی کە کراوە، پارێزگا کوردستانییەکان لای نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتوونەتە لیستی ڕەشەوە.جا گەر ڕێوشوێنی گونجاو نەگیرێتەبەر هەمان تاس وحەمام دووبارەو دە بارەش دەبێتەوە.گەرچی بۆ ئەم جارەش هیچ شتێک چاوەڕوان ناکرێت!گۆڕان بۆ ئەم لۆجیکی هەڵبژاردنە، دەبێت لە دەرەوی ئیرادەی یەکێتی وپارتی کاری بۆ بکرێت.

هەر ئەم نەبوونی متمانەیەشە ،ڕێگری یەکەمە لەبەردەم یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەدا.

وەک ئەمان باوەڕیان بەیەکتر نییەو مل بۆ ئەوەش نادەن کە یەکێکیان لەویتر زیاتر دەنگ بێنێت و کورسیەکی پەرلەمانی زیاتری بەدەستەوە بێت، ناشیانەوێ ورێگەش نادەن هیچ حیزبێکیتر ئەم سفرەو خەوە خۆشەیان لێتێک بدات!.

ئێستا هەردوو لایان هەست دەکەن ،خەڵک لەدەسەڵاتیان بێزارەو تووشی بێئومێدی بوون ،باوەڕیان بەهەڵبژاردن نەماوە، خەڵک تەواو ناڕازییەو بەدوای ئەلتەرناتیڤدا دەگەڕێ، هیچ حەماسیان بۆ دەنگدان نییە، نەک خەڵکانی دەرەوی حیزبەکانیان بگرە تەنانەت ئەندامەکانی خۆشیان تاقەتی دەنگدانیان نەماوە، ئەمان هەموو شتە جوانەکانیان شێواند، هەستی پاکی کوردانەیان کوشت، ناوی پیرۆزی پێشمەرگەیان لەکەدارکرد، لەسەر حیسابی قوتی خەڵک هەموو بوون بو ملیۆنێر، ئێستا خەڵکی ئەو دێهاتانەی ئەوانیان بە نانە ڕەقە وشلەی ساوەر پێگەیاند، هەرناشیان ناسنەوەو پارە وڕی کردوون ئاگایان لە میللەت هەر نەماوە، لەکاتێکی دەنگدانی وادا نەبێت میللەتیان لەبیر نییەو حیسابیشی هەر بۆ ناکەن، ئێستاش کەوتوونەتە بەقوربان وبەساقەی خەڵک تا دەنگیان پێ بدەن.بۆ ئەمەش کەوتونەتە هەڕەشەو گوڕەشە و مەترسی نان بڕینی خەڵک، چاوسوورکردنەوە، تۆقاندنی خەڵک، خیانەت دانەپاڵ هەرکەسێک دەنگیان بۆ نەدات، تاوانبارکردنی هەر حیزب ولایەنێک گەر لەسەر لیستی ئەوان نەبێت، سەیری ئەو هەموو تۆمەتانە بکەن بۆ یەکگرتووی هەڵدەبەستن، تا دوێنێ ئەم قسانەیان بە کۆمەڵی ئیسلامی دەوت، بەڵام چونکە کۆمەڵ ئەمجارە لەگەڵ ئەوان دابەزیوە، ئێستا کۆمەڵ حیزبێکی نیشتیمان پەروەرو عەلی باپیریش ئەمیرێکە ئاو لێڵ ناکات.

هەڵمەتی هەڵبژاردن تا ئەو سنوورە ڕەوایە، تا کاری توندوو تیژی لێ نەکەوێتەوە، لێ بەداخەوە ڕاگەیاندنە نالۆژیک ولەڕادەبەدەر نامەعقولەکانی ئەم حیزبانە و وروژاندنی هەستی خەڵک

بەرامبەر بە یەکگرتوو وەک بەرنامە داڕشنتێکیش لەیەک کاتدا دوێنێ 6-12لە چەند شوێنێکی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا، کاری توندو تیژی و تێکدەرانە دژ بەو حیزبە ڕوویداو زیانی گیانی و ماڵی لێکەوتەوە. ئەو کارانە بە هەموو پێوانەیەک مەحکومەو دوورە لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی.ئەم کارە پێموایە زیانی گەورە لە لیستی هاوپەیمانی دەدات، هێندەیتر خەڵک لەم لیستە بێ ئومێد دەبێت.ڕێی تێدەچێت ئەمە دەستێکی ئاژاوەی دەرەکیشی لەپشتەوە بێت ،بەتایبەتی لە ئێستادا ،بەپێی ڕۆژنامەی پەچەدەکە(1)ئەندامانی ژیتەمی دەوڵەتی تورک لە باشوری کوردستاندا، بۆ کاری ئاژاوەگێڕی بڵاوبوونەتەوە.

دیارە ڕوودانی ئەم کارە لە ناوچەی بادیناندا، دیارترین هۆ ئەوەیە کە، دوای پارتی ، یەکگرتوو حیزبی دوومەو ڕۆڵی سەرەکی لەو ناوچەیە هەیە ،پارتیش نایەوێ جگە لەخۆی کەس لەو ناوچەیە هیچ ڕۆڵێکی هەبێت، دەترسن لەئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا، یەکگرتوو ببێتە شەریکە بەشیان ،ئەمەش بە پارتی قووت ناچێ.

ئەوە سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەو حیزبانە تەحەمولی ئەوە ناکەن جگە لە خۆیان کەسیتر دەنگ و ڕەنگی هەبێت.ئەو کردەوانە کاری قێزەونن و ناشیرین کردنی ئەو سیما بەناو دیموکراتییەیە ، لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوە کە، ئەو حیزبانە ساڵەهایە ئیدعای بۆ دەکەن.ئەوکردەوانە سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەو حیزبانە تا ئەو جێیە باوەڕیان بە دیموکراتی هەیە کە، زیان بە پەزەکانی حیزب و دەسەڵاتیان نەگات.

پارتی چارەسەری کوردستانیش بە لیستی جیا دابەزیوە، گەرچی بەرامبەر بەوانیش خروقات کراوە ،لێ چونکە جێی مەترسی نین ،بۆیە هەمان هەڵوێستی یەکگرتویان بەرامبەریان نییە.باشە گەر ئەم لیستە لیستی کوردستانییە، ئەی بۆ پەچەدەکەیان بەشدار نەکرد?لەکاتێکداایێپسراوانی ئەو حیزبە چەند جار ڕاپانگەیاندووە داوایانکردووە بچنە ئەو لیستەوە ،بەڵام یەکێتی و پارتی ڕازی نەبوونە!تۆبڵێی یەکگرتوو لە پارتی چارەسەری بۆکورد دڵسۆزتربن ،وا ئەو بگرەو بەردەیەی پێ دەکەن?.دیارە هەموو دەزانین لەبەر چاوی کاڵی دەوڵەتی کوردکوژی تورکیایە، پارتی چارەسەری بەشداری پێناکەن. بۆیە حەقە ناوی (لیستی هاوپەیمانی کوردستان )بگۆڕن بۆ (لیستی پاراستنی بەرژەوەندییەکان)باشترە.هەر لەسەر ئەو کارانەش پارتی پارێزگارانیش لە هەڵبژاردن کشایەوە.

ئەم دوو حیزبە ئێستا لەوە دەترسن، یەکگرتوو زیاد لە تەوەقوعی ئەوان دەنگ بێنێت و ئەو سیستمی دابەشکردنی وزاریی وپەرلەمانییەی لە حکومەتی عێراقدا هەیانە، لێیان تێکبچێت.

لەئەنجامی ئەو ناڕازییەی لە نێوەندی خەڵکدا هەستی پێدەکرێت، من دڵنیام خەڵکێکی زۆر لە دەرەوی یەکگرتووش گەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت دەنگی پێدەدەن.ڕەنگە ئەم چانسە بۆ پارتی چارەسەریش گریمانێکی کەمی هەبێت.

ئەم حیزبانە ئێستا پێویستیان بە دەنگی خەڵکە ،بۆیە جارێکتر فەرهاد سەنگاوییان هێناوەتەوە بەری مەیدان ،تا بە قورگە حەماساوییەکەیی ووتارە ئاگراوییەکانی خەڵک بەرنەوە سەر سندووقەکانی دەنگدان، نەک هەرئەوە کەوتوونەتە ڕیکلامی زۆر هەرزان بەدەنگی پیرە ژن وپیرە پیاوی وا کە، نەگبەتانە ئاگایان لە مەحموی پێ زەواڵ نییەو ناشزانن هەڵبژاردن هەر مانای چییە.

ئەم هەڵوێستەی یەکگرتوو ئەوەی بیر هێنامەوە، لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا ،کە حیزبەکەی ئەردۆغان سەرکەوت، چاوپێکەوتنێک، لەگەڵ ئافرەتێکی لەشفرۆشدا کرابوو ،کەلە (کەرخانە)کاری دەکرد.ئافرەتەکە وتبوی دەنگ بە ئە.کە.پە.دەدەم پەیامنێرەکە وتبوی بۆچی ،وتبوی چونکە من زۆر لەم کاری لەشفرۆشیە نارازیم، دەزانم گەر پارتی دادوگەشەپێدان سەرکەوت، من لەم کارە ڕزگار دەکات.هەمووش ئاگادارین لەوەتەی ئەو حیزبەش هاتۆتە سەرکار، ئابووری تورکیا بووژانەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە.جگەلەوەی هێزێکی گەورەی وەکو ئەمێریکاش ، ئاساییانە تەعامول لەگەڵ ئەو حیزبەدا دەکات.هەمووشمان ئەوەمان باش لەیادە کە، جۆرج بۆش لەکاتی هەڵبژاردنەکانی مانگی یەکی ئەمساڵدا وتی:نیگەرانین ئەگەر حکومەتێکی ئیسلامی لە عێراقدا درووست ببێت، بەڵام ئەگەر ئەوە خواستی گەلانی عێراق بێت ئێمە ناچارین پابەندبین پێوەی وپیرۆزباییان لێدەکەین و ئیتر ئەوە دیموکراتییەتە!

بەپێی سەرچاوەکان ،یەکگرتووش لەهاتنەدەرەوی لە لیستی هاوپەیمانی، پرسی بە ئەمێرکا کردووە(2)

تۆبڵێی خەڵکی ئێمە هەمان تێڕوانینیان بۆ یەکگرتوو هەبێت، وەک خەڵکی تورکیا بۆ(ئەکەپە)هەیانبوو؟یان تۆ بڵێی ئەمێریکاش هەستی بەم حەقیقەتە کردبێت و لە داهاتوویەکی نزیکدا یەکگرتوو بکات بە ئەلتەرناتیڤی یەکێتی و پارتی!

گەر کارەکان وا بچنە ڕێوە، بەڕاستی ئەمە دەبێتە ئەمرێکی واقیع و حەقیقەتێکی تاڵ.ئەمە ئەنجامی لاوازی بەرەی چەپ و هێزە عەلمانییەکانە.یەکێتی و پارتی نەک هەرعەلمانی نین، بگرە بەناوی عەلمانیەتەوە دەگەی گەورەشیان لە عەلمانییەت دا.حیزبە بچوکە چەپەکانیش دەبوو، بەرەیەکی چەپ وسکۆلاریان درووست بکردایە و لەژێر ڕکێفی ئەو دوو حیزبە بهاتنایەتە دەرەوەو بە لیستێکی سەربەخۆ دابەزینایە وزیاتر گەمەی دیموکراسیان خۆشتر بکردایە، لێ بەداخەوە ئەوان بوونەتە حیزبی چوارمشقی وچاولەدەستی ئەو حیزبانە، تا خێرێکیان پێ بکەن.

سەرەڕای خیلافی تەواوم بە نەهج وفکری یەکگرتوو، بەڵام دەڵێم ئافەرین یەکگرتوو کە جەرائەتت دایە خۆت وبە لیستی سەربەخۆی خۆت دابەزیت.هیوادارم ئەمە سەرەتای کردنەوەی دەرگایەک بێت بۆ حیزبە چەپەکان و نەتەوەییەکان ،بۆ دابەزاندنیان بە لیستی سەربەخۆ دوور لە ڕکێفی ئەو دوو حیزبە.هیوادارم ئەمەش زەنگێک بێت بۆ حیزبە دەسەڵاتدارەکان، تا لەو غروری خۆ بە زل زانینە بێنە خوارێ ،تا سەر بەم قسانەی ئێستا، ناتوانن ڕێگە لە خەڵک بگرن و بەزۆر دەنگیان پێبدەن ،خۆڵ بکەنە چاوی خەڵک ،دەبێ قەناعەت بەو لۆژیکەش بکەن کە، ڕۆژێ دادێ دەبن بە بەشێک لە مێژوو.

diyako_8@hotmail.com
7-12-2005

ڕۆژی وەڵات، ژمارە164-
ئاسۆ، ژمارە2169-